## خەڵاتی ساڵی ٢٠٠٧ی ناوەندی ئۆلاف پالمە لە سوید، پێشکەشکرا بە ژنەکوردی چالاک بەڕێز پەروینی ئەردەڵان دانیشتووی شاری سنە.

پەروین ئەردەڵان یەکێکە لە بناخەدانەرانی ناوەندی فەرهەنگی ژنان لە شاری سنە و لە بەڕێوەبەرانی گۆڤاری داخراوی ژنان. پەروین هەروەها سەرنووسەری بڵاوکراوەی ئینترنێتیی "تریبوونی فیمینیستی ئێران" و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "زەنستان" بووەو یەکێکە لە دامەزرێنەرانی "کەمپینی یەک میلیون ئیمزا لە ئێران".



خەڵاتی پاڵمە لە یەکساڵ دوای کوژرانی ئولاف پاڵمەی سەرۆک وەزیرانی سوید، واتە لە ساڵی ١٩٨٧ەوە هەموو ساڵی لە ڕۆژی ٣٠ ژانویە، ڕۆژی لە دایکبوونی پاڵمە، دەدرێ بە کەسانێک یا ڕێکخراوێک کە لە بواری مرۆڤایەتیدا تێکۆشابێتن. ئەم خەڵاتە کە بە بڕی ٧٥ هەزار دۆلار مەزەندە دەکرێت تا ئێستا بۆ نموونە بە کەسانی وەک کوفی عەنان و خاویر پرز دوکوئیار، دو سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان پێشکەش کراوە.

ئێمە وەک ڕێکخراوەی مافی ژنی کورد مافی مرۆڤ پڕبەدڵ پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی بەڕێز پەروین ئەردەڵان دەکەین و لەو ڕێبازو خەباتە پیرۆزەدا سەرکەوتنی بۆ ئاواتەخوازین.

**مافی ژنی کورد مافی مرۆڤ**

ستۆکهۆلم. فوریە ٢٠٠٨

**e.mail:** kurd_women@yahoo.com